# بڕیارەکەی ICC و پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستان

28-03-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** لێکەوتەکانی ئەم بڕیارە، پەیوەستە بە توانای گلدانەوە (کۆگاکردن)ی نەوت لە کۆگاکانی کێڵگە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان. ئایا ئەمە تاوەکو چەند کاریگەری دەکاتە سەر ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و مەترسی لە داخستنی کێڵگەکان یاخود ئەگەری ڕاگرتنی بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتییەکان دێنێتە ئاراوە؟ چونکە ئەمە پرسێکی تەواو تەکنیکی و کاریگەرییەکی گەورە و زیانێکی زۆر گەورە بە بیرە نەوتییەکان و پرۆسەی پیشەسازی نەوت و و کارکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان دەگەیێنێت،

## بەرایی

بڕیارەکەی ئەم دوایییەی دادگای نێوبژیوانیی نێودەوڵەتی سەر بە ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس بە دروستی چەند مانگێک پێش ئێستا دەرکراوە و لایەنی عێراقی و تورکی، تەنانەت هەرێمی کوردستان ئاگاداری نێوەڕۆکی بڕیارەکە بوون، بەڵام ئەوەی کە لە ڕۆژی 25ی ئاداری 2023دا ڕوویدا تەنیا بە فەرمی ڕاگەیاندنی بڕیارەکە بوو. بەپێی زانیارییەکان لە ڕۆژی 23ی ئاداری 2023ەوە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە و 1.5 ملیۆن بەرمیل نەوت لە کۆگاکانی هەڵگیراوە، بەڵام لە نیوەڕۆی 25ی ئاداری 2023ەوە هەرێمی کوردستان هەناردەکردنی بۆ تورکیا ڕاگرت و وەزارەتی نەوتی عێراقیش پێشوازی لە بڕیارەکەی دادگاکە کرد، هەروەها هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوەکرد کە بڕیارەکە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەغدا نابێت، بەتایبەتیش کاتێک تورکیا ڕەزامەندی داوە کەوا بەبێ مۆڵەتی حکومەتی عێراق نەوت هەناردە نەکات. ئەمەش ڕێک لەوکاتەدا دێت کە  هەمووی ماوەیەکی زۆر کورتە هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر نەوت و بەتایبەتیش بەرهەمهێنان و بڕی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژە بودجەی 2023ی فیدراڵی ڕێککەوتوون!

خاڵیکی دیکەی زۆر گرنگ لە لێکەوتەکانی ئەم بڕیارە، پەیوەستە بە توانای گلدانەوە (کۆگاکردن)ی نەوت لە کۆگاکانی کێڵگە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان. ئایا ئەمە تاوەکو چەند کاریگەری دەکاتە سەر ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و مەترسی لە داخستنی کێڵگەکان یاخود ئەگەری ڕاگرتنی بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتییەکان دێنێتە ئاراوە؟ چونکە ئەمە پرسێکی تەواو تەکنیکی و کاریگەرییەکی گەورە و زیانێکی زۆر گەورە بە بیرە نەوتییەکان و پرۆسەی پیشەسازی نەوت و و کارکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان دەگەیێنێت،  ئەگەر بە زوویی نەگەنە ڕێککەوتن بۆ دووبارە دەستکردنەوە بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان.

لەڕاستیدا، دیوێکی دیکەی ئەم پرسە، شارەزابوونی حکومەتی عێراقە لە دۆسیەکە و شێوازی تۆمارکردنی دۆسیەکە لە دادگا. دۆسیەکە لە دژی تورکیا و پابەندنەبوونی تورکیایە بە ڕێککەوتنی ساڵی 1973 بۆڕی هەناردەکردنی نەوت لەنێوان تورکیا و عێراقە، کە لە 2010دا هەموارکراوەتەوە. دیارە پرسەکەی نەبەستووەتەوە بە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەو ساڵەدا کە نەوتی هەناردەکردووە.

لێرەدا هەڵوەستە لەسەر نێوەڕۆکی بڕیارەکە و هۆکاری پابەندبوونی تورکیا بە بڕیارەکە و دەستکەوتەکانی حکومەتی فیدراڵیی عێراق بەهۆی ئەم بڕیارە و لەسەروو هەمووشیانەوە لێکەوتە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی پشت ئەم بڕیارە لەسەر پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەکەین.

## نیوەڕۆکی بڕیارەکە و هۆکاری پابەندبوونی تورکیا بە بڕیارەکەوە چییە؟

کۆمپانیای سۆمۆ بەوەکالەتی وەزارەتی نەوتی عێراق لە ئایاری 2014دا داوای لە دادگا تۆمارکردووە، ئەویش دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان دەستیکرد بە هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە. لەوکاتەدا پەنابردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەناردەکردنی نەوت بەشێوەی سەربەخۆ، بەهۆی بڕینی بەشە بودجەکەیەوە بوو لەلایەن بەغداوە، هەرچەندە وەزارەتی نەوتی عێراق هەناردەکردنی نەوتی تەنیا بەستووەتەوە بە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی و کۆنترۆڵی کۆمپانیای سۆمۆوە.

بەپێی ڕێککەوتنی 1973، بۆڕی هەناردەکردنی نەوتی نێوان عێراق و تورکیا لەلایەن کۆمپانیای بۆتاشەوە بەڕێوە دەبرێت، درێژییەکەی 970 کیلۆمەترە و، ڕۆژانە توانای هەناردەکردنی 1.4 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە و تیرەکەی 40-46 ئینجە و، هەردوو وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی وزە و سامانە سرووشتییەکانی تورکیاش هاوبەشی کۆمپانیای بۆتاش دەکەن. هەروەها، ئەم ڕێککەوتنە لەساڵی 2010دا هەموارکراوەتەوە بەپێی ڕەزامەندی هەردوولا، بەوشێوەیەی کە هەیە تاوەکو 2025 درێژکراوەتەوە.

هەروەها، لەساڵی 2011ەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆڕییەکی نوێی بۆ هەناردەکردنی نەوت لە خورمەڵەوە تاوەکو پێشخابوور ڕاکیشا، کە توانای هەناردەکردنی نەوتی لە سنووری هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بەڵام لە دیوی تورکیاوە بەستراوەتەوە بە بۆڕییە کۆنەکەوە. هەڵبەت پرسی سەرەکی لە دۆسییەکەدا لەبارەی سەروەریی هەناردەکردن بووە نەوەک بەکارهێنانی بۆڕیی عێراق بۆ هەناردەکردنی نەوت وەک ئەوەی لە قەرەبووەکەدا هاتووە و ئاماژەی بۆ کراوە.

بەپێی زانیارییەکان، تورکیا ڕەزامەندی داوە لەسەر قەرەبووکردنەوەی 1.5 ملیار دۆلار پێش سوودی بانکی بۆ ماوەی نێوان ساڵانی (2014-2018)، لەکاتێکدا عێراق داوای قەرەبووی 26 ملیار دۆلاری کردبوو لە دادگا. هەروەها، کەیسێکی دیکە کە درێژکراوەی هەمان داوای عێراق لە دادگایە بۆ ماوەی نێوان 2018 تاوەکو ئێستا ماوە، کە چاوەڕواندەکرێت نزیکەی دوو ساڵیکی پێبچێت بۆ ئەوەی ئەمەش یەکلایی بکرێتەوە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی تورکیا رەزامەندی داوە بە قەرەبووکردنەکە و پابەندبوون بە بڕیاری دادگاوە، ئەمە مژارێکی گرنگە و جێگەی هەڵوەستە کردنە. هەربۆیەش لە رۆژی 23ی ئاداری 2023ەوە دوای راگەیاندنی بڕیارەکە، بە فەرمی حکومەتی عێراقی لە پابەندبوون بە بڕیارەکە ئاگادار کردووەتەوە، کە والێکدەدرێتەوە بەهۆی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی تورکیا لە مانگی ئایاری 2023 و دۆخی پارتی داد و گەشەپێدانەوە بووە. هەرچەندە هەرێمی کوردستان پێشتر رەزامەندی دابوو لەسەر چاودێریکردنی هەناردەکردن لە بەندەری جەیهان و هەبوونی نوێنەری سۆمۆ لە بەندەرەکە بۆ چاودێریکردنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان.

هەروەها، دیوێکی پابەندبوونی تورکیا پەیوەستە بەهەبوونی کارتی گوشار لە هەمبەر عێراق، کە ئەویش پرسی بەردانەوەی ئاوە بۆ عێراق، بەتایبەتیش ئاوی رووباری دیجلە، کە بەپێی زانیارییەکان لە سەردانی ئەم دواییەی سوودانی بۆ تورکیا باسی لێوەکراوە و دوای سەردانەکەش، رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ئاشکرایکرد کەوا بەشی بەردانەوەی ئاوی [رووباری دیجلە زیاتر دەکات](), کە ئەمەش بۆنی رێککەوتنێکی پێشوەختە و تێکەڵکردنی کارتەکان بەیەکتری لێدێت، واتە چاوەڕوان ناکرێت تورکیا بە پارە قەرەبووی عێراق بکاتەوە.

## دەستکەوتەکانی حکومەتی فیدراڵی لە بڕیارەکە چین؟

وا دەردەکەوێت کە حکومەتی عێراق بە پلان و بەرنامەوە کاری لەسەر دۆسییەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان کردووە، بەتایبەتیش پرسی وزە (نەوت و گاز). ئەگەر بە خێرایی چاو بە دوو دەیەی دوای رووخانی رژێمی پێشوودا بخشێنین بەڕوونی دەردەکەوێت، کە هەرێمی کوردستان لە کوێوە گەیشتووەتە کوێ. لەدوایین گەڕی دانوستاندنەکان دا رێککەوتن کرا و لە [پرۆژە یاسای بودجەی 2023دا هاتووە]() کە "حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بەوەی رۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگەکانییەوە هەناردە بکات و داهاتەکانی دەبێتە داهاتی کۆتایی گەنجینەی فیدراڵی".

هەروەها، لە بڕگەیەکی دیکەی پرۆژە یاساکەدا سەبارەت بە داهاتی نەوتی هاتووە "سەرجەم کۆی داهاتەکانی نەوتی بەرهەمهێنراو لە کێڵگەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە یەک هەژماری بانکی دادەنرێن بەبێ هیچ لێبڕینێک، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان یان ئەو کەسەی رادەسپێردرێت دەسەڵاتی خەرجکردنی دەبێت وهەژمارەکە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە چاودێری دەکرێت و سەرجەم هەژمارە بانکییەکانی دیکە دادەخرێن".

رۆژی (26-3-2023) شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چووە بەغدا بۆ درێژەدان بە گفتوگۆکان، کە وەک وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان رایگەیاندووە بڕیارەکەی دادگای نێوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس کاریگەری لەسەر [پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا نابێت](), بەڵام ئایا بەغداش وەک پێش بڕیارەکەیە یاخود جیاوازە؟

ئێستا، پرسیارەکە ئەوەیە کە بەغدا بە چ میکانیزمێک دووبارە رێگە بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان دەدات، ئایا دووبارە چاودەخشێنێتەوە بەو رێککەوتنەی بۆ بودجە کراوە یاخود بەهەمان میکانیزم بەردەوام دەبێت؟ چونکە لە دووەمین بەیاننامە لەسەر ئەم پرسە ئاماژە بەوە دەکات کەوا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەگەنە رێککەوتن سەبارەت شێوازی هەناردەکردنەوە، کەواتە ئەگەر ئەو میکانیزمە نەبێت کە بۆ پرۆژە بودجەی 2023 رێککەوتنی لەسەر کراوە، دەبێت چۆن بێت؟

دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە ئێستا نەك تەنیا هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان راگیراوە، بەڵکو 70 بۆ 80 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووکیش راگیراوە، کە بەغدا ساڵی رابردوو بەهۆی ئەم هەناردەکردنەوە نزیکەی سەروو 2 ملیار داهاتی هەبووە. ئەگەر کێشەکە بە زوویی چارەسەر نەکرێت و هەناردەکردن دەست پێنەکاتەوە ئەوا بەغدا زیانی بەر دەکەوێت، نەك تەنیا هەرێمی کوردستان.

خاڵێکی دیکەش کە چاوەڕوان دەکرێت حکومەتی عێراق لە بردنەوەی ئەم دۆسیەوە بیگرێتەبەر، ئەویش کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانە بۆ دەرەوە، کە چەند بێت نەوەکو تەنیا ئەو بڕەی لە پرۆژە یاسای بودجەی 2023دا رێککەوتنی لەسەر کراوە، هەربۆیەش بۆ وەڵامدانەوەی کۆی پرسیارەکان دەبێ چاوەڕوانی رۆژانی داهاتوو بکەین بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن، چونکە جگە لە لێکەوتە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی لەسەر پیشەسازی نەوتی هەرێمی کوردستان، لێکەوتەی گەورەی لەسەر بازاڕەکان دەبێت، ئەگەر ئەم راگرتنە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوامبێت کە نزیکەی نیو ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانە کەم دەکات، دەبێ بزانین هەڵویستی وڵاتانی زلهێز و بەکارهێنەری نەوت و تەنانەت بەرهەمهێنەری نەوتیش لەسەرووی هەموویانەوە ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی چی دەبێت.

## لێکەوتەکانی بڕیارەکە لەسەر پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان

ئەم بڕیارە و پابەندبوونی تورکیا و باڵادەستبوونی عێراق لەسەر ئەم پرسە لێکەوتەی گەورەی لەسەر پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەبێت، تەنانەت کارکردنی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لە پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەبێت، بەڵام لێرەدا ئاماژە بە لێکەوتە کورتخایەنەکانی وەک:

- کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان دەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر بەزوویی رێککەوتن نەکرێت و دووبارە هەناردەکردن دەست پێنەکاتەوە. بەپێی زانیارییەکان کۆگای کۆمپانیا نەوتییەکان لە کێڵگەکان تاوەکو 5 ڕۆژ بەش دەکات.
- لێکەوتەیەکی دیکەی کورتخایەن کاریگەری لەسەر کارکردنی کۆمپانیاکانە، بەتایبەتیش ئەو کۆمپانیانەی دوای لێکنزیکبوونەوەی هەولێر و بەغدا دەستیان بە دووبارە لێدانی بیری نوێی نەوت لە کێڵگەکان کردبوو.
- قۆناخێکی نوێی مامەڵکردن لەسەر شێوازی پارەدانەوەی کۆمپانیاکان دەبێت، بەشێوەیەک کەوا خۆی ئێستا نزیکەی مانگێک دواکەوتووە و ئەمەش کاری زیاتر دەکاتە سەر کاری کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان.
- لێکەوتەیەکی کورتخایەنی دیکە پەیوەستە بە شێوازی فرۆشتنی نەوتی خاو، کە دوای ئەم ڕووداوانە توانای هەرێمی کوردستان بۆ مامەڵکردن لەگەڵ کڕیارەکان کەمتر دەکاتەوە، دیارە ئەگەر سۆمۆ کۆی پرۆسەکە نەگرێتە ئەستۆ.

هەروەها، بڕیارەکەی دادگا لێکەوتەی درێژخایەنیشی هەیە. ئەگەر هەرێمی کوردستان نەتوانێت کارتی گوشار لە هەمبەر تیمی حکومەتەکەی سوودانی و چوارچێوەی هاوئاهەنگی بخاتەڕوو. چونکە ئێستا تەرازووی باڵادەستی دانوستاندنەکان بەلای بەغدا شکاوەتەوە. بۆ نموونە لە سەرەتای سوێندخواردنی کابینەکەیدا، محەممەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی حکومەتی عێراق بەڵێنی دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لە ماوەی شەش مانگدا دابوو. ئێستا نزیکەی پێنج مانگی تێپەڕیوە و هێشتا دەرنەکەوتووە کە کار لەسەر چ پرۆژەیەک بۆ دەرکردنی ئەم یاسایە دەکەن، هەربۆیەش چاوەڕوان دەکرێت وەک بردنەسەری بەڵێنەکەی لە ڕۆژانی داهاتوودا پرۆژەیەکی ئامادەکراو بێتە گۆڕێ و پەرلەمانیش بە زۆرینەی دەنگ تێیپەڕێنێت، هەربۆیەش ئەم بڕیارەی دادگا لێکەوتە درێژخایەنی وەك ئەمانەی خوارەوەش دەبێت:

- کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر پرۆژەیاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەبێت، دەستی بەغدا لە چۆنیەتی داڕشتنەوەی بڕگە یاساییەکان زاڵتر دەکات، بەتایبەتیش کە لە چەند مانگی رابردوودا مەرجەکانی بەغدا بەشێوەیەک بوون لەلایەن هەولێرەوە قبوڵ نەکراوبوون. هەروەها نزیکەی 16 ساڵە لە 2007وە دەرکردنی پرۆژە یاساکە لە پەرلەمان دوادەکەوێت.
- کاریگەری گەورەی لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق دەبێت، ئەویش بەو میکانیزمەی توانای هەناردەکردن دەکەوێتە سەر حکومەتی فیدراڵیی عێراق.
- لەمەودایەکی درێژخایەن کاریگەری لەسەر شێوازی پەرەپێدان و هەڵکەندنی بیری نوێ و تەنانەت پەرەپێدانی بیرە کۆنەکانیش بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت دەبێت، چونکە هیچ گەرەنتییەک نییە کە بەغدا بڵێ بەرهەمی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ نێوخۆ بەکاربێت و لە بەندەری بەسرە و کێڵگەکانی باشوور نەوت هەناردەی دەرەوە دەکەین.
- کاریگەری لەسەر پرسی پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی دەبێت، کە بەم دواییەش حکومەتی فیدراڵیی عێراق گرێبەستێکی لەگەڵ کریست پیترۆڵیۆم واژۆکرد بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکانی باشووری عێراق.

## کۆتایی

بڕیارەکەی دادگا کاریگەری تەواوی لەسەر کۆی پرۆسەی پیشەسازی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، شێوازی پەیوەندییە نیوخۆییەکان و، پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا دادەنێت.

تورکیا بەدەر لە ڕەوشی هەڵبژاردن، ئەو چەکەی لە بەردەستدایە کە بتوانێت لەبەرامبەر بەردانەوەی ئاو، سازش بە عێراق بکات.

ئێستا وەزارەتی نەوتی عێراق و حکومەتی فیدراڵیی عێراق باس لە میکانیزمێک بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەن کە بەگوێرەی سۆمۆ بێت، هەرچەندە ئەم دواکەوتنە یاخود گەیشتنە رێککەوتنە بۆ دەستپێکردنی هەناردەکردن دوابکەوێت، ئەوا زیان بەر عێراقیش دەکەوێت بەهۆی راوەستانی هەناردەی نەوتی کەرکووک، کە نزیکەی سێ ڕۆژ تێپەڕیوە و بەپێی زانیارییەکان کێڵگەکان تاوەکو 5 ڕۆژ دەتوانن لە بەرهەمهێنان بەردەوام بن، ئەگەرنا دەبێت بەرەو داخستن بچن بەهۆی مەترسی پڕبوونی ئەمبارەکان و داخستنی کێڵگە نەوتییەکان، کە زیانەکانی سەتان باری ئەوەیە کە کێ کۆنترۆڵی هەناردەکردنی نەوت بکات.

خاڵێکی دیکەش کۆنترۆڵکردن یاخود رێککەوتنە لەسەر میکانیزمێکی نوێ بۆ دووبارە دەستپێکردن بەهەناردەکردن و پابەندیی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بۆ رەوانەکردنی پشکی بودجە و پرسەکانی دیکە زیاتر دەکات کە نزیکەی 9 ساڵە بەهۆی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە خۆی لێ دزیوەتەوە.

راستە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی دۆخێکی نوێ بووەتەوە لەڕووی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پیشەسازی نەوت و گاز، بەڵام بەواتای ئەوە نایێت کە دەستی بەغدا لەم پرسەدا ئاوەڵایە تەنیا بە بردنەوەی دۆسییەکی دادگا لە هەمبەر تورکیا. گۆڕانکارییەکانی رۆژانی داهاتوو و زانیارییەکان بۆ رێککەوتن نێوەڕۆکی بڕیارەکەی دادگا زیاتر روون دەکاتەوە. بۆ نموونە زانینی هۆکارەکانی ئەوەی کە بۆچی عێراق کە داوای قەرەبووی 26 ملیار دۆلاری کردووە، ئێستا بە 1.4 یان 1.5 ملیار دۆلار رازیبووە گرنگە، عیراق ئەگەر گەڕی دووەمی دادگاش بباتەوە هەموو ئەو قەرەبووەی کە وەریدەگرێت ناگاتە سەرووی 3 ملیار دۆلار.

لەکۆتاییدا، هەر میکانیزمێک بگیرێتەبەر، پێویستە رەچاوی لایەنی تەکنیکی کێڵگەکان و توانای بەرهەمهێنانی بیرە نەوتییەکان بکرێت، بۆ ئەوەی تووشی زیانی داخستن نەبن، کە گەلی کوردستان و عێراقیش تێیدا زیانمەند دەبن.